# واتای ڕوپامای و جۆرەکانی وپەیوەندی بە بەندایەتیەوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : یاسین سەلیم صادق

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( معنى الرياء وأنواعه واتصاله بالعبادة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : ياسين سليم صادق

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# واتای ڕوپامای و جۆرەکانی وپەیوەندی بە بەندایەتیەوە

**واتای ڕوپامای:**

ڕوپامای بەشێکە لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە بەشێوەیەکی بچوکی شاراوە، وەک ئەوەی مرۆڤ کارێک یاخود قسەیەک بکا بۆ ڕوپامای ( الرياء ) یان بۆ ناو بانگ دەرکردن .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : ((الشرك فيكم أخفى من دبيب النمل .... )) صحيح الجامع : ر\ ٣٦٢٥

واتە: هاوبەش دانان لەناوتاندا لەخشپەی مێرووله شاراوەترە.

هەروەها دەفەرموێت : (( أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر ، قالوا : يا رسول الله ، وما الشرک الأصغر ؟ قال : الرياء)). (( رواه أحمد والطبرانى و البغوى )).

واتە: ترسناک ترین شتێک کەدەترسم بیکەن هاوبەش دانانی بچوکە، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا : هاوبەش دانانی بچوک چیە؟ فەرموی : ڕوپامایە .

**جۆرەکانی ڕوپامای :**

ئاشکرایە ڕوپامای کردن خۆ گونجاندنە لەگەڵ واقیعدا یاخود خۆ پیشاندانە بە واقیعێکی پەسەند تر لەوەی کەسی ڕیاباز لەدەستی دێت ، بێگومان لێرەدا ناخ و دڵی مرۆڤ نەخۆشە ڕوکاری پەردەپۆشی ئەو نەخۆشیە دەکەن واتە زمان و لاشەو پۆشاک و مامەڵەی مرۆڤە کە لەخزمەتی ئەوەدان کە بیسەلمێنن کە کەسێکیساڵحە .

وەڕوپامای لەم جۆرانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١\ ڕوپامای بەوتە: وەک دەنگ هەڵبڕین و خۆپەشۆکاندن و بەپەلەقسەکردن و دەر پرینی تورەی لەکاتی بینینی کاری خراپەدا و ..... هتد

٢\ ڕوپامای بە لاشە: وەک پیشاندانی کزی و لاوازی و زەرد هەڵگەڕاوی بەو نیازەی دەری بخات کەلەخوا ترسە.

٣\ ڕوپامای بە کردەوە: وەک درێژ کردنەوەی نوێژی؛ ان بەخشین لەکاتێکدا خەڵکی چاوی لێبێت..

\٤ ڕوپامای بە پۆشاک : وەک پۆشینی جل و بەرگی تایبەتی و پیشاندانی شێوەی زانایەتی.

\٥ ڕوپامای بە هۆی هاوەڵەوە: وەک حەزکردن بەسەردانی پیاوی زانا و ناودار بۆ ماڵەوە تاکو خەڵکی بڵێن ئاستی بەرزە، چونکە زانا و خوا ناس سەردانی دەکەن ( ١ ).

## پەیوەندی ڕوپامایی بەبەندایەتیەوە ( ٢ ):

لەم بارەیەوە شێخ ابن عثیمین ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت: پەیوەندی ڕوپامایی بەبەندایەتیەوە سێ شێوەیە:

شێوەی یەکەم: ئەگەر پاڵنەری بەندایەتیەکە لە ئەسڵدا بۆ ڕوپامایی خەڵکی بێ، وەکو ئەوە کەسەی نوێژ دەکات لەبەر خەڵکی، بۆ ئەوەی مەدحی بکەن لەسەر نوێژەکەی، ئەم جۆرەیان بەندایەتی بەتاڵ دەکات.

شێوەی دووەم: ئەگەر ڕوپامایەکە پەیدا بێت لەکاتی ئەنجامدانی بەندایەتیەکە، بەمانای ئەوەی لەپێش ئەنجامدانی بەندایەتیەکەمەبەست و نیازی خوای گەورەبووە، پاشان لەناوەندی ڕوپامایی تێ کەوتووە، ئەم جۆرەبەندایەتیەلەدوو حاڵەت بەدەر نین::

١-ئەگەر سەرتایی بەندایەتیەکەپەیوەندی نەبێت بەکۆتایەکەیەوە، لێرەدا سەرتایی بەندایەتەکەڕاست ودروستە، بەڵام کۆتایەکەی پوچەڵ وبەتاڵە. نمونەلەسەری: پیاوێك ١٠٠ ڕیاڵی [ یان دینار ] هەیە ئەیەوێت بیبەخشێت، پەنجای بەخشی بەشێوەیەکی ڕاست ودروست، پاشان ڕوپامایی هاتەسەر پەنجاکەی تر، لەم حاڵەتەبەخشینی پەنجای یەکەم ڕاست و وەرگیراوە، وەپەنجاکەی تری کەمابوەوەبەخشینێکی نادروست وباتاڵە؛ چونکەڕوپامایی تێکەڵاو ئیخلاص بووە.

٢- ئەگەر سەرەتای بەندایەتیەکەپەیوەندی هەبێت بەکۆتایەکەیەوە ، لێرەدا مرۆڤ لەنێوان دوو ڕێگادایە:

* دەبێت پاڵ بەڕوپامایەکەوەبنێت و خۆی تەسلیمی نەکات، بەڵکو دەبێت پشتی لێ بکات پێی ناخۆش بێت، ئا لەم حاڵەتەڕوپامایەکەهیچ کاریگەری نابێت لەسەر بەندایەتیەکە، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (( إن الله تجاوز عن أمتي ما حدَّثت به أنفسها ما لم تعمل أو تتكلم )) بوخاری ریوایەتی کردوەلەبابی ( الطلاق ) ، ژمارە: ٤٩٧٠.

* ئەگەر دڵنیا بوو بۆ ئەو ڕوپامایيەوپاڵی پێوەنەنا، لێرەدا هەموو بەندایەتیەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، چونکەسەرەتاکەی پەیوەند وپەیوەستەبەکۆتاییەکەیەوە .

نموونەلەسەری: پیاوێك ئەگەر دەستی کرد بەنوێژ کردن بەئیخڵاصەوەبۆ خوای گەورە، پاشان ڕوپامایی تێکەوت لەروکعەی دووەمدا، ئەوەنوێژەهەمووی بەتاڵ دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرەتاکەی پەیوەندەبەکۆتاییەکەیەوە.

شێوەی سێیەم: ئەگەر ڕوپامایەکە لەپاش ئەنجامدانی بەندایەتیەکە پەیدا بێت: لێرەدا کاریگەری لەسەر نابێت و بەتاڵی ناکات؛ لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجامدراوەو ڕوپامایی لەپاش ئەوە پوچەڵی ناکاتەوە .

وەئەوە لە ڕوپامایی نیە ئەگەر مرۆڤ خۆشحاڵ بوو بەزانینی خەڵکی دەربارەی بەندایەتیەکەی؛ چونکە ئەو ڕوپاماییە لەپاش تەواو بوونی بەندایەتیەکە هاتوە .

هەروەها لە ڕوپامایی نیە ئەگەر مرۆڤ خۆشحاڵ بێت بەئەنجامدانی پەرستش و طاعەت؛ چونکە ئەوە بەڵگەی پڕوا و ئیمانە، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (( مَن سرَّته حسنته وساءته سيئته فذلك المؤمن )) . حاكم ڕیوایەتی کردوەلە ( المستدرك على الصحيحين) لەکتێبی ( الايمان )،ژمارە: ٣٧.

وە پرسیار کرا لەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەربارەی ەو حاڵەتە، فەرمووی : (( تلك عاجل بشرى المؤمن )) . صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان، ژمارە: ٣٦٧.

سەرچاوە:

١ - واتای روپامای و جۆرەکانی، ئامادەکردنی : ژینە، ماڵپەڕی ڕێگای ڕاستی.

٢- مجموع فتاوى الشيخ ابن عثيمين ( ٢ / ٢٩ ، ٣٠ ) .